Dengekan

# وەك قەتلی پەپوولە ، سانایە كوشتنم !

## قوبادی جەلی زادە

كە لە دادگایی كردنی موجرمێك دەبمەوە ، تەنیاو تاك ...

نە گوللە بەندێكم پێیەو

نە سێبەری پاسەونێك !

كە لە ماچكردنی لێوێكی مەمنوع دەبمەوە ، تەنیاو تاك ..

نە حزبێكم لە گەڵدایەو

نە كالیبتۆسی شەقامێك !

دەمێك ، زیندانێ پڕ دەكەم لە لوورەی گورگ و

دەمێك ، پەراسووی قەفەسێك دەشكێنم ، بۆ هەڵفڕینی گوڵ !

« سانایەكوشتنم وەك قەتلی پەپوولە ،

كە لەسەر لقێكی عەتردا خەوتبێت »

قەدەر وای كرد :

سەمایەكی ترێ ، بە سەدان چریكەی كەناری نەگۆڕینەوە ،

با لە قوڕگی داودیشەوە دەرچووبن !

قەدەر وای كرد :

سەدایەكی ژن ، بە سەدان لارو لەنجەی كارمامزان نەگۆڕینەوە ،

با هەمیشە رووتیش بن !

« سانایە كوشتنم وەك قەتلی كۆرپەیەك ،

لە نێوان دوو مەمكی نووستودا ، بەخەبەر »

شەوانە مەستترم لەو رەزەی ، دەتك دەتك دەیكێشنەوە بۆ حوجرە !

بۆڵ بۆڵ ، گۆزەی خانەقای لێ پڕ دەكەن لە شەراب !

شەوانە مەستترم لەو پێكە خومارەی ،

وەك پەنجەم لە نێوان پەنجەما دەلەرزێ !

ئێواران پێش ئەوی بگەینە « سەرچنار » ،

حەزمان لێوان لێوە لە « كەر » .

لێوان لێو لە « كەناری »

پڕاوپڕ لە « شابالێ »

پڕاو پڕ لە شرقەشرقی « قفلێ »

ئێواران بەر لەوەی بگەینە سەرچنار ،

خوێنمان لێوان لێو لە « ژنی روت » ،

لێوان لێو لە « حیجاب »

پڕاو پڕ لە « كتێبی پیرۆز ! »

پڕاوپڕ لە « ئایەتی شەیتانی !! »

ئێواران بەر لەوەی بگەینە سەرچنار ،

دڵمان لێوان لێوە لە « خەبات »

لێوان لێو لە « خیانەت ! »

پڕاو پڕ لە « چەپكە كوللە »

پڕاو پڕ لە « مەخزەنی گوڵ ! »

ئێواران بەر لەوەی شەراب بنۆشن ،

رەشەبایەكین لە « گورگ »

بەلەمێكین پڕ لە « قاچا غچی ! »

جانتایەکین پڕ لە « ناسنامەی  ساختە !! »

هەر مەیە ، دەمانكات بە « ڕێژنەیەك كۆتر .»

هەر مەیە ، دەمانكات بە « شنەیەك پەلكەزێڕینە .»

هەر مەیە ، بە « باخچەیەك منداڵ »,

هەر مەیە ، پاك مان دەكاتەوە لە گوناه .

بسمیلمان دەكات بە « شەستە بارانی ئاگر .»

هەر مەیە ، شەوگارمان پڕ دەكات لە «بەفری چرا ! »

« سانایە كوشتم ، كوشتنی سەرخۆشێك سانایە

چۆڵەكە دەتوانێت بە كڵاو بیگرێت !

سانایە كوشتنی شاعیرێك ،

میروولە دەتوانێت چوار پەلی ببەستێت ! »

خودایە ..

لە رۆژی ئاگردا وەك یەكن :

ئەوانەی خوێنی خاك دەرێژن

ئەوانەیش خوێنی رەز !؟

خودایە ..

لە رۆژی حەشردا وەك یەكن :

ئەوانەی خوێنی ژن دەرێژن

ئەوانەیش لێوی ژن ماچ دەكەن !؟

خودایە

وەك

یەكن !؟